گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە گردی لەشکر، وەرزی 2022

**پ.ی.د. عزیز محمد امین عزیز**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ,هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
aziz.aziz@su.edu.krd

**پ.ی.د. عبدالله بكر عثمان**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ,هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
abdullah.othman@su.edu.krd

**د. هاوكار احمد عبدالرحمن**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ,هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
hawkar.abdullrahman@su.edu.krd

**د. نادر بابەکر محمد**
بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Naderbabaker@gmail.com

**پ.د. میکێل مۆلیست**
زانکۆی ئۆتۆنۆمەی بەرشەلۆنە، ئیسپانیا
mimolist@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٤/٢/١
پەسەندکردن:٢٠٢٤/٣/٣
بڵاو کردنەوە: هاوین٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان.**
*Excavation,*
*Archaeological remains,*

**پوختە**

هەڵکۆڵینی شوێنەواری کارێکی کرداری زانستییە کە لەلایەن شوێنەوارناسانەوە ئەنجام دەدرێت بۆ دەرخستنی پاشماوە شوێنەوارییەکانی مرۆڤی کۆن. سەرەتای ئەنجامدانی هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە گردی لەشکر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2015 کە لەلایەن تیمی شوێنەواری زانکۆی ئۆتۆنۆمی بەرشلۆنەی ئیسپانی وبەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین وبەرێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر. کاری هەڵکۆڵین

بۆ ماوەی 2015 تا 2018 بەردەوام بوو دواتر لە 2019 – 2020 کارەکان وەستان بە هۆی (پەتای کۆرۆنا)وە، دووبارە لە 2021 تا 2023 بەردەوام بوو. کاری هەڵکۆڵین لەم گردە بۆ ماوەی حەوت وەرز بەردەوام بووە. لە ئاکامدا زۆر پاشماوەی شوێنەواری گرنگ دەرکەوتوون وزانیاری گرنگیان داوە دەربارەی مێژووی ناوچەکە وشارستانییەتی کوردستان و عێراقی کۆن. ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کاری هەڵکۆڵینی هاوبەشی ئەو سێ تیمەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە وەرزی 2022 لە گردی لەشکر لە خۆ دەگرێت. توێژەران هەوڵیانداوە هەموو پاشماوە دۆزراوەکان لە رێگای داتاوە بخەنە روو وزانیاری تەواو نیشان بدەن، وە لە توێژینەوەکەماندا باس لە پاشماوە دۆزراوەکانی وەك (بیناسازی، گڵینە، گۆڕ، کەرەستەی جوانکاری، کورە و پاشماوەی تر) دەکەین.

*Pottery, Grave, Seal.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.23

## 1-پێشەکی

زانستی شوێنەوار بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە رابردووی مرۆڤایەتی لە رێگای پاشماوە مادییەکانەوە. شوێنەوار بۆچونێکی بێ هاوتامان پێدەبەخشێت دەربارەی مێژوی مرۆڤ وکەلتورەکە. لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان تەنها کات وشوێنی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی دیاریناکەن، بەڵکو لەوەش دەکۆڵنەوە کە بۆچی وچۆن ژیاون لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکارییەکان وهۆکارەکانی ئەو گۆڕانکرییانەی کە لە رابردودا روویانداوە. (العزاوی، 2020، ص.23) (الدباغ، 1983، ص.9)، لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان رێگامان بۆدەکەنەوە بۆ تێگەیشتن وگەڕانەوە بۆ رابردوو پێش دەرکەوتنی نوسین، لە رێگای ئەو پاشماوانەی دروستکراون وجێهێڵدراون، زۆربەی شوێنەوارەکان کەوتونەتە ژێر زەوی لە ئێستادا، بۆ تێگەیشتن مرۆڤی کۆن وقۆناغەکانی پێشکەوتنی وادەخوازێت کە ئەو شوێنەوارە ونبووانە هەڵبدرێنەوە. (محمد، 2019، لا.28)، باشترین رێگاش دۆزینەوەی شوێنەوارە ونبووەکان بریتییە لە هەڵکۆڵینی شوێنەواری. ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش تایبەتە بە یەکێك لەو هەڵکۆڵینەوە شوێنەوارییە زانستییە نێودەوڵەتییانەی کە مەبەست لێی دۆزینەوەی پاشماوەکانی سەردەمێکی گرنگی شارستانی کۆنی ناوچەکەیە کە بە (شارستانییەتی نەینەوای 5) ناسراوە ولە رووی زانستییەوە ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شارستانیەتە زانیاری زۆری لەسەر ئاشکرا نەکراوە، بەتایبەتی لە رووی بیناسازی وشێوازی درستکردنی خانووەکانیان، خۆشبەختانە هەڵکۆڵینەکەمان لە یەکێك لەگردە گرنگەکانی شاری هەولێر (گرد لەشکر) بەهاوبەشی لەنێوان شوێنەوارناسانی کوردستان وشوێنەوارناسانی بەرشەلۆنەی ئیسپانی لە ئەنجامی رێکەوتنێکی هاوبەش ئەنجامدەدرێت کە دەوڵەمەندە بە پاشماوە شوێنەوارییەکانی سەردەمی نەینەوا 5، ئەمەش دەبێتە سەرەتای دەستکەوتنی زانیاری نوێ وگرنگ دەربارەی ئەم سەردەمە بۆ لێکۆڵەرانی شوێنەوار. ئەم هەڵکۆڵینە لە ساڵی (2015)وە دەستی پێکردووە و تائێستا بەدەوامە، ساڵانە وەرزێکی هەڵکۆڵین ئەنجامدەدرێت. توێژینەوەکەی ئێمە تایبەتە بە وەرزی (2022)، لەم وەرزەدا کۆمەڵێك پاشماوەی شوێنەواری گرنگ دۆزراوەتەوە کە زانیاری نوێ دەخەنە سەر مێژووی شاری هەولێر وناوچەکە بەگشتی. پاشماوە شوێنەوارییەکان جواروجۆرن وەك (بیناسازی، گڵێنە، گۆڕ، کانزا، کەرەستەی بەردی، ...هتد). لەم توێژینەوەیەدا شیکاری بۆ سەرجەم دۆزراوەکان ئەنجامدەدەین بە پشتبەستن بە سەرچاوەی زانستی ونەخشە و وێنەی پارچە شوێنەوارییەکان.

## 2- شوێنی شوێنەواری گردی لەشکر

گردی لەشکر شوێنێکی شوینەوارییە دەکەوێتە شاری هەولێر، کەوتووەتە نێوان شارەدێی کەسنەزان وشارۆچکەی بنەسڵاوە. بە دووری 11کم لە سەنتەری شاری هەولێرەوە دوورە. دەکەوێتە سەر هەردوو هێڵی پانی 181793،36 لە باکروەوە وە دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی 44،132473 لە رۆژهەڵاتەوە. لە ئێستادا گردەکە کەوتۆتە سەر شەقامی (150 مەتری) نزیك بەشی پشکنینی ئۆتۆمبێل (هەزە). گردەکە شێوەیەکی نیمچە بازنەیی تەختی هەیە و 14 مەتر لە سەر ئاستی زەوی دەوروبەری بەرزە، رووبەرەکەشی 5 هیکتاردەبێت (مۆلیست، ئانا، 2015، لا1).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





وێنەی. 1: شوێنی شوێنەواری گردی لەشکر

## 3. کاری هەڵکۆڵین لە وەرزی 2022

شاندی شوێنەواری زانکۆی ئەتۆنەمەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بە هاوکاری بەشی شوێنەواری زانکۆی سەڵاحەدین وبەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر بۆ وەرزی 2022 لە ڕێکەوتی 05/08/ 2022 تا 24/ 05/ 2022 کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواری ئەنجامدا. ئەندامانی شاندەکە لە میکێل مۆڵیست (شوێنەوارناس و پسپۆر لە چاخی بەردینیەکان) ئەلیسیا (پسپۆر لە ئێسکناسی) ئەندریۆ (شوێنەوارناس) رۆجێر (ئێسکناسی). ئەندامانی بەشی شوێنەوار لەم بەرێزانە پێکهاتبوون: پ.ی.د. عەزیز محمد امین عزیز سەرۆك تیم (پسپۆر لە شارستانیەتی کۆن) پ.ی.د. ئاری خلیل کامل (زمانە کۆنەکان) پ.ی.د. ئارام جلال حەسەن (زمانە کۆنەکان) پ.ی.د. عبدالله بکر عثمان ( هونەری کۆن، هەڵکۆڵین) م. هاوکار احمد عبدالرحمن (شوێنەواری ئیسلامی) ت. حسێن رەفیق (شوێنەوارناس) ت. عەباس علی محمود (شوێنەوارناس). ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر لەم بەرێزانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکهاتبوون: عەلی عبدالرحمان محمد (شوێنەوارناس) ئەمیر کریم عبدالله (شوێنەوارناس). کاری هەڵکۆڵین لەم وەرزەدا زیاتر چەخت کردنەوە بووە لە سەر بەدەرخستنی شارستانیەتی (نەینەوا 5)، بۆ ئەم مەبەستەش تەنها لە چوارگۆشەی 3 کاری هەڵکۆڵین بەردەوام بووە، ئەم چوارگۆشەیە لە وەرزەکانی پێشووتردا هەڵکۆڵینی تیدا ئەنجامدراوە. لە رۆژانی سەرەتایی هەڵکۆڵیندا ئەندامانی تیمەکە وەك هەموو جارێك هەڵسان بە لادانی خۆڵی رووپۆشکراو کە لە کۆتایی هەموو وەرزێك ئەنجام دەدرێت بۆ پاراستنی شوێنی هەڵکۆڵین، دواتر دەست بە خاوێنکردنەوە کرا. چوارگۆشەی 3 ئەو چوارگۆشەیەیە کە دەکەوێتە ناوەراستی باشوری لێژایی گردەکە، سەرەتا لە وەرزی 2015 دا لێدراوە و هەڵکۆڵین لەم بەشەدا بە چڕی ئەنجامدراوە، لە ئاکامدا 6 چینی شوێنەواری دۆزرانەوە کە هەموویان بۆ سەردەمی نەینەوا 5 (2900-2550 پ.ز) دەگەرێنەوە. رووبەری ئەم چوارگۆشە 56.4 مەتر چوارگۆشەیە کە پێشتر لە وەرزی 2021دا بەرفراوان کراوە. ئامانجی سەرەکی بۆ ئەم وەرزە تۆمارکردنی چینە بیناسازییە دۆزراوەکانە کە لە وەرزی 2019دا دەرنەکەوتبوون وهەڵکۆڵنیان بۆ ئەنجامدەدرێت (مۆلیست، ئانا، 2015، لا12).




وێنەی. 2. وێنەی تۆپۆگراڤی گردی لەشکر


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4. پاشماوە شوێنەوارییەکان

### 1.4. بیناسازی

یەکێك لە توخمە سەرەکییە دۆزراوەکانی پاشماوەی شوێنەواری لەم وەرزەدا پاشماوەی بیناسازییە کە خۆی لە شێوەی پێکهاتەیەکی بیناسازی وەك حەوشە و چەند ژوورێك لە خۆ دەگرێت. پاشماوەکان زۆرجار پیشەی پێکهاتە بیناسازیەکان دیاری دەکەن وەك دۆزینەوەی ئاگردان لە ناوەراستی حەوشە یا دیوەخان، چونکی ئاگردان لە ژوورەکانی تر درووست نەدەکرا بۆیە تەنها لەو شوێنانە درووست دەکرێت کە کراوەبێت یا دیوەخانبێت. لە چوارگۆشەی 3 لە لۆکسی ( TL22, S3, 127 .2022/4) پاشماوەی دیوارێك بە ئاراستەی باکوری رۆژئاوا بۆ باکور بە پانی 60سم کە لە سێ ریز خشتی سورنەکراو درووست کرابوون (بە قەبارەکانی  12 x 20x 30 و 12 x 20 x 30 سم ) دۆزرایەوە، بەشێك لە دیوارەکە لە بەشی رۆژئاوای دا رووخاوە شوێنەواری نەماوە، ئەم دیوارە لە کۆتایی بەشی باکوردا بە دیوارێکی بە پانی ( 110 سم) کە لە چوار ریز لە خشتی سورنەکراو بە قەبارەی (20سم بە 20 سم بە 12 سم) دۆزرایەوە کە بە ئاراستەی باکور بۆ رۆژهەڵات چووە، لە بەشی کۆتایی ئەم دیوارەدا دیوارێکی تر بە ئاراستەی گۆشەی باکوری رۆژهەڵات چووە کە بە هەمان شێوە لە چوار ریز لە خشتی سونەکراو بە قەبارەی ( 1م ) درووست کراوە، لە کۆتایی ئەم دیوارەشدا دیوارێکی تر بەرەو رۆژهەڵات چووە لە خشتی سورنەکراوە (بە قەبارەی 20سم بە 30سم یا بە 20سم بە 12سم) بە چوار ریز لە خشت درووست کراوە (وێنەی. 6).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





وێنەی3. نەخشەی بیناسازی چوارگۆشەی 3

لە ناوەڕاستی دیواری سێیەمدا کە بەرەو گۆشەی باکوری رۆژهەڵات دەڕوات دیوارێکی تر بە ئاراستەی رۆژئاوا لە خشتی سورنەکراو درووست کراوە و لە سێ ریز پێکهاتووە، ریزی ناوەڕاست بە قەبارەی 30 بە 20 بە 12 سم درووست کراوە، بەڵام بەپانی ریز کراوە و خشتەکانی تر بە ستوونی ریز کراوە بە هەمان قەبارە درووست کراوە. لە کۆتایی ئەم دیوارەوە دیوارێکی تر بە ئاراستەی باشوری رۆژئاوا درووست کراوە، بە هەمان خشت و قەبارەی چوارگۆشە 20 بە 20، هەندێکیان بە ستوونی دانراون، بەڵام بە قەبارەی 20 بە 30 بە 12سم تەنها لە دوو ریز پێکهاتووە، ئەم جۆرە خشتانە لە سەردەمی نەینەوا 5 باوبووە (Hnaihen, 2020, p. 8 and Table.3). لە سەرەتای ئە دیوارەوە لە بەشی رۆژئاواوە ئەرزییەك بە خشتی سورنەکراو بە قەبارەی 20 بە 30 بە 12سم دۆزرایەوە، لە ناوەڕاست یشدا چاڵی گۆزەی ئامادەکردنی مەی ( ترشاندنی شەراب) دۆزرایەوە کە بووتە هۆی تێکدانی ئەرزەکە یا لەوانەیە بۆ هەمان ئەرز بگەرێتەوە. لە بەشی باکوری ئەم دیوارەوە چاڵێکی خۆڵەمێشی دۆزرایەوە سەرەتا پێمان وابوو پاشماوەی کورەی گڵێنەسازی بێت، بەڵام وا دەرنەکەوت. ئەم چاڵەش قەبارەی ژوورەکەی هەموو گرتۆتەوە. لەبەشی رۆژئاوای ئەو ژوورەی ئەرزەکەی دۆزرایەوە ژوورێکی تر بە نزیکەی هەمان قەبارە دەرکەوت کە لە بەشی باشوری دا هەندێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەردی چەوە وبەردی بچووك دۆزرايەوە. لە بەشی رۆژئاوای ئەم ژوورەش ژوورێكی تر دەركەوت، لە ناوەڕاستيدا گۆڕێك دۆزرايەوە، لە بەشی باكوريدا سنارەيەك دۆزرايەوە كە بۆ دەرگا بەكارهاتووە. لە بەشی باكوری ئەم ديوارەدا حەوشێك دەركەوت، رێك لە بەشی باكوری ديوارەكەوە گۆڕێكی تر دۆزرايەوە (Rova, p.113).





وێنەی 4. نەخشەی بيناسازی و دەستنيشانكردنی شوێنی پاشماوە دۆزراوەكان

بە شێوەيەكی گشتی لەم سێكتەرەدا سێ ژوور لە بەشی باشوری رۆژهەڵات ژوورێكی تر لە باكوری رۆژهەڵات دۆزرايەوە لەگەڵ حەوشێكی گەورە لە بەشی رۆژاوادا. لە ناو حەوشەكەدا لە بەشی باشوردا بە ئاراستەی رۆژئاوادا پاشماوەی دوو ئاگردان دۆزرايەوە. لە كۆتاييدا پاشماوەی بنميچەی لە قاميش كە شوێنەواری بە چينێكی سپی لە بەشی باكوری رۆژئاوا دۆزرايەوە ( TL22, S3, L120, 2). ئەمەش ئاماژەيە بە كەوتنی ئەو بنميچەيە (Grossman, 2014, fig.2).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی. 5. لای راست وێنەی پاشماوەی شوێنەواری بنمیچەی کەوتوو. لای چەپ بەشێك لە پاشماوەی دیوارەکانی چوارگۆشەی 3




وێنەی. 6. قەبارەی خشتە بەکارهاتووەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2.4. گڵێنە

یەكێك لە پاشماوە شوێنەوارە بەرچاوەكانی مرۆڤی كۆن كە لە دوای خۆی بەجێی هێشتبێت بریتییە لە گڵێنە. لە سەر زۆربەی گردە شوێنەوارییەكان بەدی دەكرێت. لەم وەرزەدا رێژەیەكی زۆری گڵێنە دۆزرایەوە، بەشێكی زۆریان پارچەن وبەشێكی كەمیان شێوەی تەواویان هەیە. زۆربەی شێوەكانی گڵێنە دۆزرانەوە وەك قاپ ودەفری قەبارە مامناوەند وبچووك ومەنجەڵ وسەر مەنجەڵ وكوپ وگۆزەی قەبارە بچووك ومامناوەند وگەورە بۆ دانەوێڵە و شلەمەنی.

لەم چوارگۆشەیەدا گۆزە جگە لە كاروباری رۆژانە بۆ ناشتنی لاشەی منداڵی مردووش بەكارهاتووە. بەشێك لە گڵێنەكان نەخشداری دێردار ورەنگاو رەنگ بوونە، بەشێكی زۆریان بێ رەنگ و بێ نەخش بوونە. گڵێنەكە خۆی جوانی بەخشیوە كە هەموویان بۆ سەردەمی نەینەوا 5 دەگەرێتەوە (الدباغ، 1964، ص93). یەكێك لە گۆزە دەگمەن و جوانەكانی ئەم وەرزە بریتی بوو لە گۆزەی گەورەی تەخمیر كردنی شەراب (ترشاندن) (TL22. S3. 2021/12. L117. 6) واتا بۆ ئامادەكرنی مەی بەكارهاتووە، لەبەر ئەوەی شێوەی بنكە ودەمەكەی لە شێوەی دەمی مەتارە بووە كونەكەی ژێرەوە بە چینێكی ئەستوری قیر گیراوە، لەوە دەچێت كاتێك شەرابەكە پێگەیشتووبێت بەتاڵیان كردووە، دەمەكەشی بە هەمان شێوەی بنكەكە بە قیر رووپۆش كراوە بۆ ئەوەی كەس نەیكاتەوە.

گۆزەیەك لە ناو قاپێك دۆزرایەوە لە لۆكسی (TL22. S3. 2022/30.L141.3) كە بە گڵێنەی سەوزباوی نەینەوا 5 ناسراوە. قورێكی خاوێنیان بۆ بەكارهاتووە و دیوارێكی باركیان بۆ بەكارهاتووە، شێوەیەكی جوانیان هەیە. رێژەیەكی زۆر كەمی خەوش وخاوی تێدایە، لە رێگای چەرخەوە درووست كراوە.

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



أ


ب




ج


د

وێنەی 7. أ. گوزەیەکی بچووك لە گەڵ قاپێك. ب. گۆزەیەکی گەورە کە بۆ ترشاندن (بۆ شەراب یا سرکە) بەکارهاتووە، ج. قاپێك لە سەر گۆزەیەك دانراوە وەك گۆڕ بەکارهاتووە. د. کۆمەڵێێك لە پارچە گڵێنەی کۆگاکردن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە شیوەیەکی گشتی چەند جورێك لە گلێنە دۆزرانەوە وەك مەنجەڵ (وێنەی. 8 ژمارە 2) وە گۆزەی کۆگاکردن (وێنەی. 8 ژمارە 1) بە قەبارەی گەورە و مامناوەند، گۆزەی بچووك بە دیواری باریك و تەنك (وێنەی. 8 ژمارە 5)، لەگەڵ دەفری بەرەنگ وبە نەخشی دێردار (وێنەی. 8 ژمارە 3 و 7)، شێوەی تر وەك پاڵێوتە کە لاشەکەی هەمووی کونکراوە (وێنەی. 8 ژمارە 6)، لەگەڵ شێوەیەکی زۆر گرنگ کە لە سەردەمی وەرکا دەرکەوتووە لە سەردەمی نەینەوا 5 بەردەوام بووە ئەویش دەفری لێوار تیژی دوبار راستە، شێوەیەکی دیکەی تری زۆر گرنگ بریتییە لە گۆزەی پیوانەی دانەوێڵە کە شێوەیەکی لولەیی هەیە دەسکێك لە دەرەوە ودەسکێکی لە دیوی ناوەوە بۆ کراوە (وێنەی. 8 ژمارە 4) (عثمان، محمود، 2023، لا788-794 ). لە شێوە دەگەمەنە جوانەکانی ئەم کۆمەڵەیە کە وێنەی کرابێت بریتییە لە مەنجەڵێك کە بە کۆمەڵێك نەخشی زیادکراو لە تۆپە قوڕی بچووك رازێندراوەتەوە بۆ ئەوەی بەئاسانی مەنجەڵەکە هەڵبگیرێت و یارمەتی گواستنەوە بدات. ئەم جۆرە مەنجەڵ لە کۆتایی سەردەمی وەرکا دەرکەوتووە و لە سەردەمی نەینەوا 5 زۆر بەکارهاتووە و لە گردی لەشکر نموونەی زۆری لێدۆزراوەتەوە (وێنەی. 8 ژمارە 8) (Abu Al-Soof, 1968, p.74).




وێنەی. 8. جۆری گلێنەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3.4. گۆڕ

لەم وەرزەدا کۆمەڵێك گۆڕ دۆزرانەوە، هەموویان بە ئاراستەی رۆژئاوا نێژراون. سەبارەت بە تەمەن ورەگەزیان جیاوازی هەیە، بەڵام شیکرنەوە سەرەتاییەکان بە پێی گۆڕەکان روونکراونەتەوە. لە ناو گۆڕەکان پاشماوەی شوێنەواری گرنگ و گران بەها وەك بەردی لازوەرد وبەردی تر دۆزراونەتەوە کە وەك مورو بۆ ملوانکە بەرکاهاتوون.

### گۆڕی ژمارە 1

ئەم گۆڕە دەکەوێتە بەشی باکوری چوارگەشەکە، بریتییە لە گۆڕی ئافرەتێك ومنداڵێك ( TL22. S3. 2021.20.123 ) لاشەکەیان بە شێوەی کۆرپەلەی جنین روو لە رۆژئاوا و سەر لە باکور نێژراون، ئەم گۆڕە پێشتر لە وەرزی 2021 بەدەر کەوتبوو، بەڵام لەم وەرزەدا ئێسکە پەیکەرەکەی ئافرەتەکە بە سەرکەوتوویی دەرکرا. پێدەچێت ئافرەتەکە دایکی منداڵەکە بێت.



وێنەی 9. گۆڕی ژمارە 1

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گۆڕی ژمارە 2

دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی چوارگەشەکەوە، ئەم گۆڕە (TL22. S3.124.1) بە هەمان شێوەی گۆڕی پێشوو بە شێوەی کۆرپەلە جنین نێژراوە کە لە منداڵێکی 12 ساڵان دەچێت. ملوانکەیەك کە لە بەردی گران بەها بە رەنگی شین و قاوایی درووستکرابوو لە ملیدا دۆزرایەوە.




وێنەی 10. گۆڕی ژمارە 2

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گۆڕی ژمارە 3**

ئەم گۆڕە (TL22. S3. 2022.15.143. 3) دەکەوێتە ناوەڕاستی چوارگۆشەکەوە، بە پێچەوانەی گۆڕەکانی ترەوە نێژراوە سەری لە باشور بووە و قاچی لە باکور، رووی لە رۆژئاوابووە لە شێوەی کۆرپەلە نێژراوە. رەگەزەکەی نەناسراوە.



وێنەی. 11. گۆڕی ژمارە 3

**گۆڕی ژمارە 4**

ئەم گۆڕە (TL22. S3. 150. 2) لە باشوری رۆژئاوی گۆڕی ژمارە 3 دۆزرایەوە، لە ناو گۆزەیەکی قەبارە مامناوەند نێژراوە کە بریتییە لە گۆڕی منداڵێکی شیرە خۆر. سەری گۆزەکە بە قاپێکی شێوە تەواو رووپۆشکراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی 12. گۆڕی ژمارە 4

**گۆڕی ژمارە 5**

ئەم گۆڕە لە بەشی باشوری چوارگۆشەکە دۆزرایەوە، بریتییە لە لاشەی کەسێك تەمەنی لە نێوان 30 بۆ 40 ساڵ. سەری بەرەو رۆژئاوا بووە وە رووی لە باکور بووە.



وێنەی 13. گۆڕی ژمارە 5

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4.4. کورە**

کورە لە هەر شوێنێك بدۆزرێتەوە گرنگی شوێنەواری و زانستی و پیشەسازی بۆ مێژووی ناوچەکە هەیە. هەبوونی کورە واتا خەڵکی گردەکە خاوەن کارگەی تایبەت بە خۆیان بوونە بۆ دروستکردنی گڵێنە. زۆر جار ئەم جۆرە کورانە بۆ سورکردنەوەی بووکەڵەی قوڕینی ومێخی قور وکەرەستەی تری قوڕ بەکارهاتووە. لەم چوارگۆشەیەدا کورەیەك لە شێوەی لاکێشەیی ( .TL22. S3. 2022/ L124 3)) لە باشوری گۆڕی ژماری 2 دۆزرایەوە، تەنها ژووری سووتەمەنی ماوەتەوە و رێژەیەکی زۆری خۆڵەمێشی لێ دۆزرایەوە، لە هەمان کاتدا ژمارەیەك لە (سلاگ) هەویری گڵێنە دۆزرایەوە. بەرزی دیوارکەی 13سم، لە هەمان ئەو خشتانە دروستکراوە کە دیوارەکانی پێ دروستکراوە 30 بە 20 بە 12سم. هەرچەندە زۆر جێگای دڵنیایی نیە کە ئەمە کورە بێت، بەڵام لە ئەنجامی خوێندنەوەمان بۆ پاشماوەکان پێمانوایە زیاتر لە کورە بچێت (عثمان، 2021، لاپەرە 60).




وێنەی 14. پاشماوەی کورە؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 5. پاشماوەی دۆزراوی دیکە

**1.5. پاشماوەی کەرەستەی جوانکاری:** لەم وەرزەدا پاشماوەیەکی شوێنەواری بەرچاوی لە جوانکاری نەدۆزرایەوە، بەڵام ملوانکەیەکی نایابی زۆر جوان و دەگمەن دۆزرایەوە لە ناو گۆڕی ژمارە 2 (TL22. S3.124.1) کە بریتییە لە گۆڕی منداڵێکی 12 ساڵان. ملوانکەکە لە بەردی گران بەها درووست کراوە، دوو دانەیان رەنگی شینیان هەیە و دوو دانەیان رەنگی قاوایی مەیلەو سوری هەیە و دوو دانەکەی دیکەیان رەنگی سپییان هەیە واتا 6 دانەن. بەردێکیان یا موروەکان شێوەی جیاوازیان هەیە، زۆربەیان نیمچە هێلکەین، دانەیەکیان شێوەی لاکێشەی درێژ و چوارپاڵوی هەیە کونێك لە ناوەندی کراوە، دانەیکی تریان کونێك لە بەشی سەرەوەی کراوە کە لەوە دەچێت بۆ بەشی ناوەراستی ملوانکەکەبیت، ئەوانی تر هەموویان کونێك لە ناوەندی کراوە. ئەم کونانە بۆ هەڵواسین لە رێگای پەتێکەوە بووە بۆ ئەوەی بە ملوە هەڵیواسن.




وێنەی 15. لای راست بریتییە لە کۆمەڵێك لە بەردی گرانبەها کە لە ملی بەرەو پێشەوە بە ئاراستەی رۆژئاو دۆزرایەوە. لای چەپ بریتییە لە گۆڕی ژمارە 4.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2.5. مۆر

مۆر بۆ خاوەندارێتی و دیاریکردنی خاوەن بۆ کەرەستەکان بەکارهاتووە. مۆر بۆ بەڵگەکردنی نووسراوە فەرمیەکان و بازرگانی بەکارهاتووە. سەردەمی نەینەوا 5 سەردەمی زۆر بەکارهێنانی جۆرێك لە مۆر بووە کە ناسراوە بە مۆری برۆکات، ئەم مۆرە جۆرە نەخشێکی لە سەرکراوە دووبارە بۆتەوە وەك قوماش دەرکەوتووە.

مۆرێکی لوولەیی بە نەخشی (برۆکات) لە رۆژئاوای گۆڕی ژمارە 2 دۆزرایەوە کە لە بەردی مەرمەر درووست کراوە. نەخشی کرۆباتی لە سەر کراوە وەك ئەو وێنەی خوارەوە کە لە گردی براك لە باکوری سوریا دۆزراوەتەوە (Rova, 2013, fig.38).



a



ب. لە گەڵ وێنەی  وێنەی.16 : أ. چاپی مۆری سەردەمی نەینەوا 5 لە گردی براك (رۆڤا، 2013، وێنەی 38).
مۆری دۆزراوە لە چوارگۆشەی 3 لە گردی لەشکر کە هەمان نەخشی بۆکاتی هەڵگرتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3.5. کانزا**

لە رۆژئاوای گۆڕی ژمارە 2دا لە لۆکسی (TL22. S3. L122. 2) کۆمەڵێك کەرەستە دۆزرانەوە، لەوانە دانەیەك لە سوژن دۆزرایەوە کە لە بارێکی باش ماوەتەوە. شێوەکەی وەك خۆی ماوەتەوە.



وێنەی. 17. شێوەی سوژنەکان

**4.3 تەلەزمە بەرد**

لە لۆکسی (TL22. S3. L122. 2) ژمارەیەکی زۆری تەلەزمە بەرد دۆزرایەوە لەوانە دوو داس لە تەلەزمە بەرد دۆزرایەوە کە شێوەکی زۆر جوانی هەیە (Gijn Van, A., 2003, p.404).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی. 18. تەلەزمە بەرد

**3.5. مخاريط ( بزماری قورینی)**

لە لۆکسی (TL22. S3. L122. 3) لە بەشی رۆژئاوای سێکتەرەکەوە لەگەڵ پاشماوەی تەلەزمە بەردەکان بزمارێکی قوری (مێخ) دۆزرایەوە کە بۆ رازاندنەوە دیوار بەکارهاتووە.

**4.5. ئاگردان**

پاشماوەی شوێنەواری دوو ئاگردان (TL22. S3. L131. 3) لە بەشی رۆژئاوای سێکتەرەکە دۆزاریەوە. شێوەکەیان پێکهاتبوو لە چاڵێك کە بە کۆمەڵێك لە بەردی چەو لە شێوەی نیمچە بازنەیی دەورەی چاڵەکەی دابوو (Smogorzewska, 2012, p.232 ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی. 19. شوێنەواری ئاگردانێك

**5.5. دەستاڕ (بەردی هارین)**

تەنها یەك بەردی هارین (TL2022. S3. 148. 1) یان لێکردنەوەی توێکڵی دانەوێڵە لە بەشی ڕۆژئاوای سێکتەرەکە دۆزرایەوە. شێوەیەکی پانی ڕەنگ ڕەشی هەیە قەبارەکەی بە نزیکەی (20 بە 60 دەبێت)، ئەم شێوازە لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زاین بەکارهاتووە. (Scazzosi, G, 2017, 422)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی. 20. شوێنەواری دەستار

## 6.5 قاپ و قاچاخی بەردینی

تەنها یەك پارچە قاپێك دۆزرایەوە کە شێوەیەکی جوانی هەیە و لە بەردی مەرمەڕ درووست کراوە، ئەم قاپە لە رۆژئاوای چوارگۆشەکە دۆزراوەتەوە، هەر لە سەرەتای سەردەمی وەرکاوە قاپ و قاچاخ لە بەرد گرنگی زۆری پێدراوە، لە سەردەمی نەینەوا 5 بەردەوام بووە.



وێنەی. 21. پارچە لێوار و بنکەیەکی قاپێك لە بەرد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 6. کەرەستەی تر

دوو ئامراز دۆزرانەوە، یەکێکیان لە قوڕ درووست کراوە وئەوی تر لە بەرد: یەکەمیان شێوەی لە دەمی تەور دەچێت، بەڵام دەمێکی مشاری هەیە کە لە شێوەی شەپۆڵ درووست کراوە، ئەم ئامڕازە لە قوڕێکی خراپ درووست کراوە. ئامڕازی دووەم لە شیوەی بەردی شاقول یان تەرازوو دەچێتە کە بۆ راستکردنی دیوار بەکاردێت.




وێنەی. 22. کەرەستەی قوری و بەردی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 7. ئەنجام

1- لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەماندا گەیشتن بە زۆر زانیاری گرنگ سەبارەت بە سەردەمی نەینەوا 5 و ئاشنابوون بە جۆری پاشماوەکان.

2- پاشماوە بیناسازییەکان ئەو راستییە دەردەخەن کە ناوچەکە شوینێکی گرنگی ژیانی گەلانی ئەو سەردەمە بووە.

3- گڵێنەکان لێهاتووی خەڵکەکە نیشاندەدات کە چەندە شارەزابوونە لە پیشەسازی دروستکردنی گڵێنە، کورەشیان بۆ سورکردنەوەی گڵینەکانیان بەکارهیناوە، سەرەڕای بەکارهینانی گڵێنە بۆ کاری رۆژانە بۆ ناشتنی مردووەکانشیان بەکارهێناوە. شان بەشانی گڵێنە قاپ و قاچاخیان لە بەرد درووستکردووە.

4- خەڵکی ناوچەکە لە دوای مردنی کەس و کاریان لاشەکانیان ناشتووە لەگەڵ تەرمەکەشدا کەرەستەی جوانکاری و گڵێنەیان وەك دیاری لە گەڵ ناشتوون، کەرەستەی جوانکاری وەك ملوانکە و مورو دۆزراونەتەوە کە لە بەردی گرانبەها درووستیان کردوونە.

5- بەشێك لەو بەردانەی دۆزراونەتەوە سەرچاوەکانیان دەرەوەی ووڵاتی عێراقی کۆن بووە، بەو مانایەی خەڵکی ناوچەکە بازرگانیان ئەنجامداوە. بەڵگەی ئەمەش مۆریان بەکارهێناوە و خاوەن مۆری تایبەتی خۆیان بوونە.

6- بۆ دوورینەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی داسیان لە بەرد درووست کردووە، هەروەها دانەوێڵەیان بە دەستاڕ هاڕیوە بۆ درووست کردنی ئارد و ساوەر و گەنمە کوتاو.

7- بۆ درووونی جل و بەرگ سوژن و دەرزیان لە مادەی برونز بەکارهێناوە. لە ناوەراستی حەوشەکاندا ئاگردانیان درووست کردووە بۆ خۆ گەرمکردنەوە و هەندێ کاتیش بۆ برژاندنی هەندێك خۆراك وەك گۆشت.

## 8. لیستی سەرچاوەکان


1. الدباغ، تقى (١٩٦٤)، الفخار القديم، مجلد ٢٠، الجزء ١ - ٢، مجله سومر.
2. الدباغ، تقي (1983)، طرق التنقيبات الأثرية، بغداد.
3. العزاوی عمر جسام (2022)، کورتەیەك لە بارەی شوێنەوارناسی، و. د.عبدالله خورشید، تاران، چاپخانەی ماد.
4. عثمان، عبدالله بکر (2021)، سەرەتای دەرکەوتنی کورەی گڵێنەسازی لە باکوری میزۆپۆتامیا لە چاخەکانی پێش مێژووەوە تا سەردەمی ئاشوری نوێ، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی 25، ژمارە 3.
5. عثمان، عبدالله بکر، عباس علی محمود (2023)، گڵێنەی سەردەمی نەینەوای ٥ لە گردی لەشکر (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری هونەریە)، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی (8)، ژمارە(1).
6. محمد، حەمە غریب محمد (2019)، چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێری سەردەم لە پرۆسەی رووپێویکردنی شوێنە شوێنەوارییەکانی کوردستان (وێنە هەواییەکان بەنمونە)، زیدان برادۆستی وئەوانی تر، پرۆسیدینگی سێیەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی شوێنەوار وکەلەپوری کوردستان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
7. مێولیست، میکێل، ئانا گۆمێز، 2015، راپۆرتی سەرەتایی هەڵۆڵین لە گردی لەشکر .
8. Abu Al-Soof B. (1968), Distribution of Uruk, Jamdat Nasr and Ninevite V pottery as revealed by field survey work in Iraq. Iraq 30,1.
9. Rova, E. (2013), The Ninevite 5 Period in Northeast Syria, in Orthmann, Matthiae & al-Maqdissi (éds.), Archéologie et Histoire de la Syrie I, La Syrie de l'époque néolithique à l'âge du fer, Harrassowitz, Wiesbaden.
10. Hnaihen, K. H. (2020), The Appearance of Bricks in Ancient Mesopotamia, Athens Journal of History - Volume 6, Issue 1.
11. Rova E. (2013), The Ninevite 5 period in Northeast Syria. In: Orthmann W., Matthiae P. and Al-Maqdissi M. (eds.), Archéologie et histoire de la Syrie I. La Syrie de l'époque néolithique à l'âge du Fer : 107-118. Wiesbaden: Harrassowitz Verlag (Schriften zur vorderasiatischen Archäologie 1,1).
12. Rossman, k. (2012), Fire installations in a late Ninevite 5 complex at hamoukar, syria, in: Proceedings of the 8th International Congress on the Archaeology of the Ancient Near East 30 April – 4 May 2012, University of Warsaw. (eds) Harrassowitz Verlag, Piotr Bieliński, Michał Gawlikowski, Rafał Koliński, Dorota Ławecka,

Arkadiusz Sołtysiak, Zuzanna Wygnańska, Volume 3 Archaeology of Fire, Conservation, Preservation and Site Management, Bio archaeology in the Ancient Near East.
13. Smogorzewska, A. (2012), Fire Installations in Household Activities. Archaeological and ethnoarchaeological study from Tell Arbid (North-East Syria).
14. Scazzosi, G. (2017), food and drink practices in Mesopotamian households between the early and middle bronze ages, Universitá di Pavia.
15. Gijn Van, A. ( ,(2003The Ninevite 5 Chipped Stone Assemblage from Tell Leilan: Preliminary Results in the origins of North Mesopotamian civilization, in: Ninevite 5 chronology, economy, society. Brussels: (eds) Brepols. E. Rova and H. Weiss.

--------------------------------------------------------------------------------------------------------

# Archaeological excavation in tell Lashkir, 2022 fieldwork season

**Aziz Muhamadamin Zebari**
Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: aziz.aziz@su.edu.krd

**Abdullah Bakr Othman**
Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: abdullah.othman@su.edu.krd

**Hawkar Ahmed Abdullrahman**
Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: hawkar.abdullrahman@su.edu.krd

**Nader Babaker**
Erbil Antiquities Directorate, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email:Naderbabaker@gmail.com

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Miquel Molist**
Autonomous University of Barcelona (UAB), Spain.
Email: mimolist@gmail.com

***Keywords:*** *Excavation, Archaeological remains, Pottery, Grave, Seal*

## Abstract

Archaeological excavation is a scientific practice carried out by archaeologists to reveal the remains of ancient humans. The archaeological excavations at Tell Lashkar dates back to 2015 by the archaeological team of the Autonomous University of Barcelona, the Department of Archeology of Salahaddin University and the Erbil Archaeological Directorate. Excavation work continued from 2015 to 2018, then stopped in 2019-2020 due to the coronavirus pandemic and continued again from 2021 to now. The excavations continued for seven seasons and revealed many important archaeological remains that provide important information about the history of the region and the civilization of Kurdistan and ancient Iraq. In this study, which is a joint excavation of the three themes mentioned earlier, the archaeological excavation of the 2022 season at Tell Lashkar will be included. Researchers have tried to present all the remains found through data and show complete information, and in our research, we will discuss the remains found such as architecture, pottery, graves, cosmetics, Kiln, Fire installation and other remains

## التنقيبات الاثرية في تل لشكر، الموسم 2022

**الملخص:**

التنقيب الأثري هو ممارسة علمية يقوم بها علماء الآثار للكشف عن بقايا الإنسان القديم. وتعود التنقيبات الأثرية في تل لشكر إلى عام 2015 من قبل البعثة الأثرية التابعة لجامعة برشلونة وقسم الآثار في جامعة صلاح الدين ومديرية آثار أربيل. استمرت أعمال التنقيب من 2015 إلى 2018 ثم توقفت في 2019-2020 بسبب جائحة كورونا واستمرت مرة أخرى من 2021 إلى الآن، واستمرت أعمال التنقيب لمدة سبعة مواسم وكشفت عن العديد من البقايا الأثرية المهمة التي توفر معلومات مهمة عن تاريخ المنطقة وحضارة كردستان والعراق القديم. وفي هذه الدراسة التي هي عبارة عن تنقيب مشترك للمحاور الثلاثة المذكورة سابقا، سيتم تضمين التنقيب الأثري لموسم 2022 في تل لشكر. لقد حاول الباحثون عرض جميع البقايا التي تم العثور عليها من خلال البيانات وإظهار المعلومات كاملة، وسنتناول في بحثنا البقايا التي تم العثور عليها مثل البناء و الفخار والقبور و الحلي والأفران وغيرها من البقايا الاثرية.